# ئەگەری هشام ئاکرەیی

عادل ئیبراهیم

کاک هشام لەوە دەچیت سەری سورمابێت لە بەرگری حکومەتی بەعس و سەدامی دیکتاتۆر لە بەرامبەر هیرشی ئەمریکادا، ناهەقی نییە چونکە ئەمریکا و بەریتانانیش پێیان وانەبو لەبەرامبەر شەریکی ئیجگار سەختدا رادەوەستن، دنیایان هەژان کە لە کورت ماوەدا حکومەتی عیراق دەروخینن، بەلام وەستانەوەی عیراق شتیکی تری بە دنیا نیشاندا.

بەلانسی ئەم شەر چۆن دەشکیتەوە جارێ بە رێ ی خۆی بەلام کاک هشام خەریکە ئەنجامگیری یان باشترە بلێین تەجروبەیکی سەلبی لێ فێر دەبێت، کاتی بە شان و بالی ئەو بەرگریەدا هەل ئەدات دەگاتە ئەو ئەزمونەی کە کوردیش دەتوانی لە بەرامبەر تورکیادا هەمان شت بکات.

کێشەی تەواوی دنیا هیرشی ئەمریکایە بۆ سەر خەلکی عیراق و سەپاندنی وەحشی گەری ئەو شەرەیە بەسەر خەلکی عیراقی بێ تاوان و دلنەخواز بەو شەرە. لە کاتیکدا لە ناو ئەم دۆزەخە پر گراویەدا رۆژانە سەدان مرۆڤ لە ژن و منال ئەسوتین، حیزبەکانی دەسەلاتدار لە کوردستان هەر وەک چۆن بەشداریان کرد لە کیمیا بارانی هەلبجەدا ئیستاش سەمای خۆشی دەکەن بۆ گیان لە دەست دانی ئەو بێ تاوانانە.

جا کاک هشامی ئەگەر ئاگاداری خۆی نەبێت ئەوە دەبێتە یەکیک لەو سەماکەرانەو لە هەلپەرکێ ی کوردیدا لە ریزی سەرچۆپی کیشیکی سەر لیشیواودا هەلدەپەری کە قابیلە تەواوی ریزی هەلپەرکیکە بخاتە ناو شەپولی تەقانەوەی مینەوە.

لە تەواوی دنیادا ئیستا شەریک واقعیەتی هەیە و کارەسات دەخولقینی و بە دژی بەشەریەتە و کوردستانیش لە ژیر سایەی ئەو شەرە و مەترسیەکانیدایە، کە شەری ئەمریکا و بەریتانیایە بۆ داگیرکردنی عیراق، خەلکی عیراق بە گشتی بە مان و نەمانی سەدام ئیستا خەریکی شەریکی ترن بۆ نەهاتنە ناوەوەی لەشکری ئەمریکا و بەریتانیا و ئەم وەحشی گەریەیان بۆ قەبول ناکرێت.

لەوە دەچێت کاک هشام پەیوەندی هیرشی تورکیا بۆ کوردستان جیا کاتەوە لە شەری ئیستای ئەمریکا بە دژی خەلکی عیراق و ئەوە نەزانێ کە جولەی سوپای تورکیا لە چوارچیوەی بەرژەوندیکانی ئیستای ئەمریکا جیانابیتەوە، وە ئیستا لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەرستدا ناکرێ دژی هیچ لایەنیک بێت گەر بە دژی ئەمریکا هەلویست نەگریت، هەتا ئیستا دژی یەکیتی و پارتیش گرێ ی خواردووە بە راوەستانەوە لەبەرامبەر ئەمریکادا، بەلام کاک هشام خەریکە بەرەیکی خەیالی بۆ قازانجی کورد دروست ئەکات هەر ئەوەی یەکیتی و پارتی رەواجیان پێ ئەدا، بەوەی کە لایەنی ئەمریکا بگریت و دژی تورکیا راوەستی، ئاکامەکشی جگە لە خولقاندنی تراژیدیا و خۆ بەهەرزان فرۆشتن و چونە باوەشی ئەمریکا بە بارمتەی ئایندەیەکی نادیار بۆ چارەنوسی خەلکی کوردستان و هیچی تر نییە

کاک هشامی بەریز... ئاگادار بە زەمانە و فریوی ناسیونالستەکان نەت خولینیتەوە و بە ناوی قازانجی کوردستان و شەری تەنها بە دژی تورکیاوە کیش بکرێیت بۆ بەرەی ئەمریکا و بەریتانیا، شەری خەلکی کوردستان هەروەک خەلکی عیراق ئیستا لە بەرامبەر ئەمریکا و بەریتانیایە و دەبیت لە عیراق و کوردستان هەر ئیستا برۆنە دەرەوە. ئەمریکا وەک حیزبە کوردیەکانی سەر کەچەل کرد کرد تۆ ئەوە لە خۆت قەبول نەکەیت. شکی تیا نییە قازانجی خەلکی کوردستان لە چونە دەرەوەی لەشکری ئەمریکا و بەریتانیایە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣